**حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق**

**ئە نجومەنی وەزیران**

**ژمارە : ( ٢٠٩ ) لە ٢٠١٣/٢/١٨**

پشت بەست بە بڕگەی ( ٣ ) لە ماددەی ( ٥ ) و ماددەی ( ٩ ) لە یاسای ( دابین کردنی خانووی نیشتەجێ بوونی هاوولاتیانی هەرێمی کوردستان – عێراق ) ژمارە ( ٧ )ی ساڵی ( ٢٠٠٨ )ی هەموارکراو ، وە بڕگەی ( ٣ ) لە ماددەی ( ٨ ) لە یاسایی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە ( ٣ )ی ساڵی ١٩٩٢ وە لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ژمارە (٢٢) لە١٠/ ١٢/ ٢٠١٢ بڕیارماندا بەدەرکردنی ئەم پەیڕەوەی خوارەوە :-

**پەیڕەوی ژمارە ( ١ ) ساڵی ٢٠١٣**

**پەیڕەوی سندوقی نیشتەجێ کردن بۆ هاوولاتیان لە هەرێمی کوردستان – عێراق**

**ماددەی یەکەم :-** پێناسە و دامەزراندنی سندوق

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ئەو مانایانەیە کە لە بەرامبەریان هاتوون بۆ مەبەستەکانی جێ بەجێ کردنی ئەم پەیڕەوە :

١- هەرێم : هەرێمی کوردستان – عێراق .

٢- یاسا : یاسای ژمارە ( ٧ )ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەموارکراو .

٣- ئەنجومەنی وەزیران : ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم .

٤- وەزارەت : وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەو نیشتەجێ کردن لەهەرێم .

٥- سندوق : سندوقی نیشتەجێ کردن لە وەزارەت .

٦- ئەنجومەن : ئەنجومەنی باڵای کارگێری سندوق .

**ماددەی دووەم :-**

سندوقێك دادەمەزرێت بە ناوی ( سندوقی نیشتەجێ کردن ) سەربە وەزارەت دەبێت کە تایبەتە بە دانانی پارە بۆ جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی یاسا و بەدیهێنانی مەبەستەکانی ، ئەم سندوقە خاوەنی کەسایەتیەکی مەعنەوی دەبێت وە لەلایەن ئەنجومەنێکی باڵای کارگێری بەڕێوە دەبرێت .

**ماددەی سێیەم :-**

**یەکەم:** ئەم سندوقە تایبەتە بەپڕۆژەی دابینکردنی یەکەی نیشتەجێ بۆ هاوولاتیانی هەرێم کە لەبەر رۆشنایی حوکمەکانی ئەم یاسایە لەلایەن وەزارەتەوە جێ بەجێ دەکرێت ، وە سەرجەم ئەو پارانەی دێتە ناو ئەو سندوقەکە بەداهات تۆماردەکرێت وەك سەرمایەی سندوق ئەژمار دەکرێت.

**دووەم:** مەبەست لە دامەزراندنی ئەم سندوقە بریتیە لەم خالانەی خوارەوە :

١- ئەم سندوقە سەرجەم تەرخانکراوی بوودجەی تیا تۆماردەکرێت کە بۆ مەبەستەکانی جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە دابین دەکرێت .

٢- بڕی پارەی گەڕاوەی قیستەکان کە دەکەوێتە ئەستۆی هاوولاتیان لە بڕی تێچووی یەکەکان کە کڕیویانە لەم سندوقەدا تۆمار دەکرێت .

٣- هەر داهات و تەرخانکراوێکی تر کە بڕیاری لەسەر دەدرێت لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران بەدەر لەهاتوو لە بڕگەی ( ١، ٢ )ی سەرەوە وەك سەرمایەی سندوق تۆمار دەکرێت .

٤- سەرمایەی سندوق بەپێی بەرنامەیەکی سالانە بەکاردێت بۆ داپۆشینی خەرجیەکانی دروستکردنی یەکەی نیشتەجێ لە هەرێم وە هەر خەرجیەکی تر کە پەیوەست بێت بە پڕۆژەکانی نیشتەجێ بوون .

٥- پارەی خەرجی کارگێڕی و سەرپەرشتیاری پڕۆژەکانی نیشتەجێ بوون بەو ڕێژەیەی لە یاساکەدا هاتووە لەم سندوقە خەرج دەکرێت .

## ئەنجومەنی بالای کارگێڕی سندوق و دەسەلاتەکانی

**ماددەی چوارەم :**

**یەکەم:** پێکهاتەی ئەنجومەنی بالای کارگێڕی سندوق بەم شێوەیەی خوارەوەیە :-

| | |
|---|---|
| ١- وەزیری ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن : | سەرۆك |
| ٢- بریکاری وەزارەت بۆ بیناسازی و نیشتەجێ کردن : | جێگری سەرۆك |
| ٣- ڕاوێژکاری وەزارەت بۆ ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن : | ئەندام |

٤- بەڕێوبەرایەتی گشتی کارگێری و دارایی لە دیوانی وەزارەت : ئەندام

٥- بەڕێوبەری گشتی کاروباری هونەری لەدیوانی وەزارەت : ئەندام

٦- بەڕێوبەری گشتی جێ بەجێ کار لەهەرسێ پارێزگای( هەولێر، سلێمانی، دهۆك): ئەندام

٧- بەڕێوبەری سندوق لەدیوانی وەزارەت : ئەندام

**دووەم** : ئەنجومەن بەلایەنی کەم یەك جار لەمانگێکدا کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دەدات لەسەر داوای سەرۆکی ئەنجومەن ، بریارەکانی ئەنجومەن بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانی ئامادەبووان وەردەگیرێت ، لە کاتی یەکسان بوونی دەنگەکانی ئەندامان بریاری ئەو لایەنە وەردەگیرێت کە سەرۆك دەنگی لەگەڵ داوە .

**ماددەی پێنجەم** :- ئەنجوومەن ئەو دەسەلاتانەی خوارەوەی هەیە :-

١- دارِشتنی پلان و سیاسەتی گشتی ئەنجامدانی پرۆژەکە بەپێی بەرنامەی سالانە بۆ بەرجەستەکردنی ئامانجەکانی یاساکە .

٢- پێشنیارکردنی رێنمایی پێویست بە شێوازی جێ بەجێ کردن ودیاری کردنی سەرجەم رێکارەکان لە گشت ڕوویەکەوە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی پرۆژەکە لە چوار چێوەی یاساکەدا.

٣- سەرپەرشتی کردن و بەرێوەبردن و چاودێری کردنی سندوق وە دانانی بنەمای پێویست لە پێناو گەشەسەندن و پەرەپێدانی .

٤- بریاردان لەسەر دیاریکردنی پشکی تەرخانکراوی سالانە و دابەش کردنی بۆ سنووری هەر پارێزگایەك لەسەر بنەمای سەرمایەی سندوق .

٥- پەسندکردنی پێشنیاری پارێزگاکان تایبەت بە دابەشکردنی پشکی یەکەکان بەسەریەکە ئیداریەکانی لە سنووری پارێزگادا .

٦- پەسەندکردنی پلانی سالانە بۆ داهاتی سندوق و تۆمارکردنی سەرجەم جۆری داهاتەکان وەك سەرمایەی سندوق .

٧- خەرج کردن لە پارەی سندوق بۆ بەئەنجام گەیاندنی مەبەستەکانی جێ بەجێ کردنی ناوەڕۆکی یاساکە .

٨- دیاریکردنی ڕێکارەکانی پێویست بۆ زامنکردنی وەرگرتنەوەی قیستەکان لە هاولاتیان و تومارکردنیان وەك داهات بۆ سەرمایەی سندوق .

٩- پێك هێنانی لیژنەی لاوەکی بە پێیێ پێویست بۆ ئاسانکاری ڕاپی کردنی ئەرکەکان و مەبەستەکانی سندوقەکەوە دەسەلاتی کارگێری و دارایی گونجاوی پێ ببەخشێت بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری کارگێری و دارایی هەروەها خەرجکردن لەسەر پارەی تەرخانکراو

١٠- هەرئەرکێکی دیکەی پەیوەنیدار بە کارەکانی سندوق .

**ماددەی شەشەم** :- ئەم سندوقە پەیوەستە بە یاساو ڕێنماییەکانی دیوانی چاودێری دارایی

## حوکمە گشتیەکان

**ماددەی حەوتەم :**

وەزیری ئاوەدان کردنەوەو نیشتە جێ کردن ڕێنمایی پێویست دەردەکات بۆ جێ بە جێ کردنی ئەم پەیرەوە.

**ماددەی هەشتەم :**

وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم پەیڕەوە جێبەجێ دەکەن

**ماددەی نۆیەم :**

ئەم پەیرە لەڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت وە لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان ) بلاّودەکرێتەوە .

**عیماد ئەحمەد**
**جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**